# راطةياندني يةكصتي كؤمؤنيستةكان دةربارةي تيرؤركردني هاورص

# "انصار عبدالامير مهدى"

شەوی 2005/6/28 هێزە تیرۆریستەکان، کەبەشێوازی ناسراو و دیکتاتۆریانەی خۆیان بەربوونەتە گیانی خەڵکی عێراق ، هەستان بەتیرۆرکردنی هاوڕێ" انصار عبدالامیر مهدی" ئەندامی یەکێتی کۆمۆنیستەکان لەعێراق و سەرۆکی ئەندازیاران لە کارەبای پارێزگای باقوبە.

هەوڵی تیرۆریستان بۆ ئەوەیە ڕێگای بیناکردنەوەی عێراق، کەلەدوای رووخانی دیکتاتۆرەوە بووە بەکاولەیەك، لەخەڵکەکەی بگرن.

لەکاتێکدا هاوڕێی گیانبەختکردوومان سەرقاڵی دانانی موەلیدەی گازوایل بوو بۆ کارەبای باقوبە، هێزە تاریکەکان لەسەر ئەوکارە هەڕەشەیان لێکردو داوایان لێکرد واز لەوکارەبێنێت ئەوان نەیاندەویست خەڵکی رۆشنایی ببینێت چونکە لەرووناکیدا دزێوی و دڵڕەشی‌یان دەردەکەوێت، بەڵام هاوڕێی گیانبەختکردوومان لەبەرامبەر ئەو هەڕەشانەدا چۆکی دانەداو بەردەوامبوو لەسەر کارەکەی بۆخزمەتکردنی خەڵکی شارەکەی، ئەم خزمەتەش پاڵی بە تیرۆریستانەوە نا پلان بۆ کوشتنی دابنێن و لەنیوەی شەودا لەبەردەم ماڵەکەی خۆیدا تیرۆری بکەن.

ئێمە لەکاتێکدا کە بەڵێن بەهاوڕێی گیانبەختکردوومان دەدەین کەلەریزی پێشەوەی بەرگری‌کاران لەئازادی‌و سەربەخۆیی خەڵکی عێراق و رزگاربوونی بین لەچنگ داگیرکاری ئەمریکاو تەواوی کارە دزێوەکانی هێزە سەلەفی و صدامی و شوفینیەکان، هاوکات پرسەو سەرەخۆشی خۆمان پێشکەشی هەموو ئەندامانی رێکخراومان و دۆستانی هاوڕێی گیانبەختکردوو هەموو گرووپە چەپ و دیموکرا تخوازەکانی عێراق دەکەین و داوایان لێدەکەین پێکەوەو بەجدیەت و دەربەستی زیاترەوە لەدژی تیرۆر رابوەستین و بۆ ریشەکێشکردنی بەهەموو رەنگ و شێوازەکانیەوە خەبات بکەین، دەست لەناو دەست بنێین بۆ دامەزراندنی عێراقێکی عیلمانی و فیدراڵی بەدوور لەهەموو شێوازێکی زۆرو چەوسانەوەو هەڵاواردنی تائیفی و ئاینی و نەتەوەیی.

لەکۆتاییدا دووبارە سەرەخۆشی خۆمان ئاڕاستەی خێزانی هاوڕێی گیانبەختکردوومان و فەرمانبەرانی وەزارەتی کارەباو سەندیکای بەرگری لەمافەکانی فەرمانبەرانی دائیرە کارەبا دەکەین کە هاوڕێی ئازیزمان تیایدا بەرپرسی لیژنە رۆشنبیریەکەی بوو.

نەمری بۆ هاوڕێی هێژامان و نەنگی‌و سەرشۆڕی بۆ تیرۆریستان و دووژمنانی کۆمۆنیزم.

بژی چینی کرێکاری عێراق

بژی کۆمۆنیزم

یەکێتی کۆمۆنیستەکان لەعێراق

کۆمیتەی ناوەندی

سەرەتای تەموزی2005